# ئێستا پێگەی کورد بەهێزترە

لێپرسراوانی ئەمەریکا و سەرانی لایەنی عیراقیە عەرەبەکان، دەمێک بوو داوایان دەکرد سەرۆکی کوردستان بایەخێکی زیاتر بە عێراق بدات. لە شیکردنەوەی ئەم خواستەیاندا دەیانگوت بارزانی سەرەڕای کاریزما و پۆستی سەرۆکایەتی کوردستان، شارەزایی و کاریگەرییەکی شایانی باسیشی لەسەر پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق لە بەشی عەرەبیدا هەیە، بۆیە دەتوانێ لەکاتی چەقین و وەستانی پرۆسەی سیاسیدا ببێتە هۆکاری جموجۆڵ و چارەسەردۆزینەوەی هەمەپەسند. لابەلا دەشگوترا چونکە کوردستان گرفتی کەم بۆتەوە و ئارامی و ئاسایشی تێدایە بۆیە کەمتر پێویستیان بە عیراق هەیە. جیا لەو قسە و خواستانە، کوردستان بۆخۆی پێویستی بە دابین کردنی ئاسایشی عێراق هەیە، لەلایەن سەرۆکی کوردستان و سەرۆک کۆماریشەوە هەوڵێکی زۆر دراوە تاکو لایەنە ناکۆکەکانی شیعە و سوننەی عەرەب گفتوگۆ بکەن و بگەنە چارەسەری واقیعیانە بەشێوەیەک کە بەردەوامی عێراقی فیدرال و دیموکراتی تێدا بێت. هەڵبەت کوردستان لەگەڵ رێککەوتن بە قیمەتی لەدەستچوونی عیراقی نوێ نابێ. بەڵام دابین بوونیشی بە خوێن رشتن نازانێ.

سەرۆکی کوردستان پەیامی سەرەکی بۆ عێراقیەکان بریتی بووە لە گەرانەوەبۆ سەر لێکتێگەیشتن و قبوڵکردنی گۆرانکارییەکانی دوای ٢٠٠٣ کە جەوهەری ئەوەش دیموکراسی و فیدرالیزمە. دووبەرەکی تایفی نێوان شیعە و سوننە، دەست لە پشتدانی دەرەکی تێدایە و ولاتانی هەرێمەکە بە ئاشکرا ئاگرەکەی خۆش دەکەن. بۆیە هەمیشە سیاسەتی سەرۆک بارزانی دوورخستنەوەی وابەستەیی حزب و لایەنەکانی عیراقی بە دەرەوە بووە و هەوڵیداوە دەستێوەران کۆتایی بێت.

ئەو کۆنگرەیەی ئێستا لە بەغدا بۆ ئاشتبوونەوە دەبەسترێ، هەوڵ و تەقەلای سەرۆکایەتی کوردستانی پێوەدیارە. تاکە لایەنێکە کە دەوری میانیگەری دەگێرێ و هەوڵدەدات هەردوو لایەنی شیعەو سوننەی عەرەب لە پرەنسیبەکانی عێراقی نوێ کۆبکاتەوە. گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە لە هەردوو لایەنی ناوبراودا تایفیەت بەسەر عێراقی بوون بە مانای نوێ زاڵە. بۆیە پێکهێنانی بەرەیەکی عێراقی لە هێزە سیاسییە کاریگەرەکان کە دیموکراسی و فیدرالییەتیان قبوڵە چاوەروان دەکرێ. لەوانەیە دەستێوەردان و دەست لەپشتدانی دەرەکی و بەرچاوتەنگی تایفی جارێ رێگا لە کۆبوونەوەی هەموو عیراقیەکان بگرێت. وەک دەرکەوت هەر لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەکەدا توندرۆکانی شیعە و سوننە کەوتنە پاشەکشە و پەلاماردان.

بۆیە دەبێ چاوەروان بین جموجۆڵی سەرۆکایەتی کوردستان لە بەغدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت و سەرۆک بارزانی وەک هەمیشە رۆلی هەڵسورێنەر ببینێ و هاوکاری سەرکەوتنی سەرۆکایەتی عیراق بێت.

خاڵێکی گرنگ لە باڵادەستی دیپلۆماسیی کورد پاڵپشتی و لێکتیگەیشتنی هەردوو سەرکردەی سیاسی کورد بارزانی و تاڵەبانییە کە هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی عیراق و کوردستان دەگرێتەوە. ئەمەیان کاریگەری روانگاکانی کورد بەسەر عیراقیەکان و ئەمریکاییەکان زیاتر دەکات. ئەوەش لەو پشتیوانیەی سەرۆکی کۆمار بەرێز مام جەلال دەردەکەوێ کە لە هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان بەرامبەر بە راپۆرتی بەیکەر- هاملتۆن کردی. سەرۆک بارزانی پێش بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە بەیکەری ئاگادار کردەوەو دوایش بەتوندی راپۆرتەکەی مەحکوم کرد. هەر بە خێرایی رای گشتی کوردستانیش کەوتە پشتیوانی سەرۆک بارزانی. ئەوەش وەک دیارە گەیشتە گفتوگۆی راستەوخۆی سەرۆکی ئەمریکاو کوردستان کە ئەنجامەکەی پشتیوانی ئەمریکا بوو لە هەڵوێستەکانی سەرۆکی کوردستان. هەروەها سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەمان مەبەست پەیوەندی بە سەرکۆماری عیراقیش کرد و هەمان پشتیوانی و دڵنیایی بۆ دووبارە کردەوە.

دەوری کوردستان و سەرۆکەکەی لە پاشەکشەپێکردنی کاریگەرییە چاوەروانکراوەکانی راپۆرتی بەیکەر-هاملتۆن لە سیاسەتی نوێی ئەمریکا بۆ عیراق و پێداگرتن لەسەر عیراقی دەستوری و سەربەخۆ، پێگەی کوردستانی لەو کۆنگرەیەدا بەهێزتر کردووە.



سەرۆ قادر